www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 30-10-2006 6:31

# ئیسلامەتی و كوردایەتی ... مەلا جەعفەر گوانی

هەركاتێك قسە لەسەر ئیسلامبوونی كورد و، پابەندبوونی میللەتی كورد بە ئیسلامەوە بكرێت، یان قسە لەسەر ئەوە بكرێت كە پێویستە ناسنامەی موسڵمانێتی ئەو گەلە موسڵمانە بپارێزرێت، چ لە دەستوور بێت یان لە هەر وەسیقەیەكی دیكەی رەسمی بێت، دوای ئەو قسەیە یەكەوسەر كۆمەڵێك كەس لەوانەی چاویان بە مزگەوت و خواپەرستی خەڵكی كوردستان هەڵنایەت، وە قسە دێن و، دەڵێن ئەمە نابێت، چونكە پارێزگاریكردن لە ناسنامەی موسڵمانێتی كورد، یانی لە دەستدانی مافی كوردایەتی و ناسنامەی كوردبوونە، بەتایبەتی هەندێك لەو بەڕێزانە هەمیشە ئەوە دەڵێنەوە كە گوایە تازە ئێمەی كورد داوای كوردایەتی و وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتیەكانمان دەكەین، چیدیكە قسە لەسەر موسڵمانبوونمان ناكەین.

بە بۆچوونی ئەو بەڕێزانەی سەرەوە كوردبوون و موسڵمانبوون، دوو شتی دژ بە یەكن و، ناكرێت مرۆ لە یەك حاڵەتدا هەم كورد بێت و، هەمیش موسڵمان بێت، جا ئەگەر ئەو قسەیەی ئەو بەڕێزانە هەروا بۆ هێنانەدی مەبەستێكی تایبەتی خۆیانە، ئەوە من گلەییان لێناكەم، هەروەك ئەگەر دانیش بنێن بەوەی نیسك و ماشی ئەو ئیسلامە لێك دەرناكەن و، ئەوەندە كەم شارەزان تاكو ئێستا مانای ئەو چەمكانە لە روانگەی ئیسلامەوە نازانن، ئەوەش هەر قبوڵە، بەڵام ئەگەر خۆیان بە شارەزا و بیریار وەسف بكەن و، پێشیان وابێت خەمخۆری ئەو میللەتەنە، ئەوە بەڕاست پڕ بە پێست جێگای گلەیی لێكردنە، دەبوو خۆیان باش شارەزا بكەن، ئەوجا قسە بكەن، یان پێتقییە مرۆ لە نووسیندا واقیعبین و بێلایەن قسەی زانستی و بابەتیانە بكات، نەك كەشك و مەشكی تێكەلڕ بكات.

هەر كەسێك فكری ئیسلامی وەكو خۆی بخوێنێتەوە، باش دەزانێت كە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هیچ كات دژی ئەوە نەبووە مرۆ نەتەوەی خۆی خۆش بووێت و، كار بۆ ئازادكردنی نەتەوەكەی بكات، بەتایبەتی كە ئێستاكە هەموو نەتەوەكان كار بۆ بەرەڤپێشبردن و ئازادكردنی نەتەوەی خۆیان دەكەن، پێویستە هەموو كوردێكیش بە جیاوازی بیر و بۆچوون و بیر و ڕاوە، پێكەوە كار بۆ وەدەستهێنانی كوردستانێكی سەربەخۆ و بەختەوەر بكات، ئەگەر توانرا كوردستانێكی سەربەخۆ و بەختیار مسۆگەر بكەین، ئەو كاتی هەموومان دەتوانین بە ئازادی هەریەكە و پێڕەوی دروشمەكانی خۆی بكات. بەڵام هێشتا ئاییندەی وڵات مسۆگەر نەبێت و، هەمیشە دوژمنەكان زاری دوژمنكارانەیان لێمان كردبێتەوە و، سنووری وڵات دیاری نەكرابێت و، داهاتی كوردستان دیاری نەكرابێت، لەگەلڕ ئەوەشدا شتانێك بڵاو بكرێنەوە ببنە مایەی ئەوەی خەڵك لە وڵات و حكومەت و خۆشەویستی نیشتیمان و ئینتیمای نەتەوەی دوور بخاتەوە، ئەوە كارێكی نامەسئولانەیە و، پێویستە بە ئاقڵی، مامەڵە لەگەلڕ ئەو دیاردە ناكوردانە بكرێت.

سەبارەت بە خاڵی سەرەوەش، ئایا كوردایەتی و ئیسلامەتی دوو شتی دژی یەكن، یان ئاساییە مرۆ موسڵمانیش بێت و كوردیش بێت؟ ئەوە پێم وابێت ئەوەندە روون و ئاشكرایە ئەوەندەی بۆ كورد دیارە لەوانەیە بۆ نەتەوەكانی دیكە بەم شێوەیە نەبووبێت، چونكە لەلاییێكەوە ئیسلام چەند زمانەی كردووەتە هۆیەك بۆ یەكدی ناسین و تەعاروف كردن لەگەلڕ یەكتری، نەك بكرێتە هۆكارێك بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەیەك لەلایەن نەتەوەیەكی دیكە، هەركاتێكیش ئەوە روویدا، كە لادانە لە بەرنامەی ئیسلام، ئەوە نەتەوەی چەوساوە و ژێر دەست، پێویستە هەموو هێز و توانای خۆیان بخەنە كار بۆ خۆ رزگاركردن لە نەتەوەی زاڵم و ستەمكار، هەروەك بەبڕ ئەوەش دەبڕ هەمیشە سۆزی نیشتیمانپەروەری و نەتەوایەتی لە هەموو تاكێكمان رەنگ بداتەوە، ئەوەش كارێكە پەیامبەری ئیسلامیش لە ژیانیدا پێڕەوی كردووە، وەك ئەوەی لەو كاتەی لە شاری مەككە دەریان كرد، رووی كردە

شاری مەککە و، گووتی: ئای چ شارێکی خۆش و خۆشەویستی بەلای منەوە، ئەگەر گەلەکەم منیان لە نێوت دەرنەکردایە، قەت لە غەیری تۆ دانەدەنیشتم.

هەروەك تا شاری خۆی ئازاد نەکرد، دڵی بە تەواوی ئۆقرەی نەگرت، ئەوە وەکو نموونە، دەکرا کتێب لەسەر ئەو باسە بنووسرێت.

بەڵام هەڵەی ئەو بەرێزانەی سەرەوە لەوەدایە، ناتوانن جیاوازی لە نێوان نەتەوەپەرستی و خۆشەویستی نەتەوە و نیشتیمان بکەن، ئیسلام هەمیشە ئەوەی دووەمی بە شتێکی رەوا زانیوە، هەروەك بە هەموو شێوەیەك بەرەنگاری ئەوەی یەکەمیش بووەوە، هەمیشە شوێنکەوتووانی فێری ئەوە دەکات، کە نەتەوەبوونیان نەبێتە مایەی زوڵم و ستەم بۆ نەتەوەیەکی دیکە، کە بە داخەوە ئەوە دەردێکە، ئەمرۆ زۆرێك لە شوێنەکانی ئەو دونیایە بەدەستیەوە دەناڵێنن، هەر ئەوەش وای لە هیتلەر کرد، خەڵکێك قڕ بکات و، هەر ئەوەی وای لە بەعس کرد کورد بچەوسێنێتەوە و هەموو ستەمێکی دەرهەق بکات، ...

دووەم ئەمن پێم سەیرە ئەگەر کوردبوون و موسڵمانبوون، دوو شتی ئەوەندە پێچەوانەن، بۆ دەبێت مرۆ هەتا لایەنی دینداری بەشێوەی راستەقینەی بەهێزتر بێت، لایەنی کوردایەتیشی بەهێزتر دەبێت، بۆ ئەوانەی پەروەردەی مزگەوتن، شۆڕش دەکەن و، دەبنە قوتابخانە بۆ هەموو تاکێکی کورد هەتا هەتایە.

بۆیە نامەوێت زۆر درێژی بکەمەوە، تەنها ئەوەندە دەڵێم: ئیسلامەتی و کوردایەتی قەت دژی یەك نەبوونە و، بەڵکو هەردووکیان خزمەتی یەکتریان کردووە، ئەوەی ئیسلام دژایەتی دەکات، نەتەوەپەرستییە، با کەسیش موزایەدەی کوردایەتیمان لەسەر نەکات، ئەگەر خۆمان لە هەموو ئەوانە بە کورددتر نەزانین، ئەوە خۆمان لەوان بە کەمتر نازانین، هیچ کاتێکیش ئەهلی دین کوردایەتیان نەکردۆتە، مایەی خۆدەوڵەمەندکردن و، ئیرتیزاق.

J_gwani2005@yahoo. com